# کیٚ وەڵامی ئەم مەتەڵە ئەزانیٚ !؟

## کامیل ژیر

1– چەك بۆچی چاكە ؟

2– بۆ بەر گری

3– بۆ هێرش و قەلاچۆی رۆژنامە نووسان و خۆپیشاندەران

4– بۆ ئەوەی وێنەی پێوە بگری

5– بۆ پۆزلێدان

6– بۆ تەنگانە !

1– جا تەنگانە لەمە زیاتر !؟

2– بۆ هیچ بوە ؟!

1– جا چینەبیٚ !؟ وا خەریکە کوردانی دڵەکەو قودسەکەی کوردستان بەقڕئەچن !

3– لەکەیەوە ؟

1– لەمێژەوە بە گشتی . بەتایبەتیش لە ئازادکردنی تاریق رەمەزانە کەوە ، زۆر بەتایبەتیش لە بیرۆکە بلیمەتیەکەی : 32+32+32 ەکەوە برا چاوەشەکان لە تەقەی خۆشیدان و هەرجارەی 100تا200مان لێئەکەن بە قوربانی و چەکدارە شێرە کوڕەکانی ئێمەش ، هی دوو ئاسایش و دوو دژەتیرۆر و دوو جۆر پێمیم و دوو جۆر نازانمچی و پاراستنیك و زانیارییەك و هتد ، مێشێك میوانیاننیە .

7– ئەو هیزانە بۆ تۆڵە نیە . تۆبۆئەوەندە شۆڤێنیت !؟ ناتەویٚ ئەوانیش وەك زایۆنیەکان تۆڵەی گەرماوگەرم بکەنەوە !؟ نە کاکە نە ، ئێمە تا سەر ئێسقان دیموکراتین ، تا سەر مۆخیش ئاشتیخوازین . ئەو هیزانە بۆ رزگارکردنی کەرکوکە ! ئەها نەتدی ئەوهەموو

هێزانە بەجۆرەها چەکەوە لەمبەینەدا چۆن رژانە ئەو شارە !؟

1– چیانکرد ؟

7– هەنگاوی یەکەم ، کەرکوکیان لە رزگار عەلی رزگارکرد ! *

1– پێش ئەو ؟

7– لە سۆران و دوکتۆرێکیش !

1– دوای ئەوان ؟

7– خوا رەحم بە دوکتۆر ئەستیرەی دین بکات !

1– کەواتە چەك بۆچی چاکە ؟

7– بۆ خۆکوشتن !

1– ئافەرین ..

---

* ئەمە وتەیەکی هاوبیرمان شێخ محەمەدی باڵەکە .